
# فەیلەسوف کوژ و کتێب سوتێنەر (صلاح الدين ئەيوبی)



Handren88@hotmail.com
**هەندرێن حەمەدەمین**



دیارە سەرچاوەی زۆر هەیە سەبارەت بەوەی کە سلاحەدین ئەیوبی پالەوانی شەڕەکانی دژ بە خاچ پەرستەکان بووە، من نامەوێت لێرە باس لەوە بکەم کە چەند ئەم شەڕانەی سلاحەدین لە پێناو دەسەڵات یان ئیسلام یان هەر شتێکیتر بووە.
ئەوەی لەم نووسینە لای من گرینگە بۆ خوێنەری کورد بیخەمە روو هەندێك لایەنن کە بەردەوام هەوڵدراوە لە خەلك بشاردرێتەوە، بەتایبەت لە خەلکی کورد.
من لە نووسینێك لە ژێر ناونیشانی (ئەو فەیلەسوفەی بووە قوربانی تێگەیشتنەکانی)، بە چەندین سارچاوەی جیاجیا ئەوەم خستە روو کە ئەوەی بڕیاری کوشتنی( سهروردی) دا، سلاحەدینی ئەیوبی بوو، لەکاتێك کە سهروردی ئەو کات لەلای( ظاهری) کوری سەلاحەدین بوو، لە هەمان کات فوقەهاکانی حەلەب زۆر هەوڵی ئەوەیاندا کە ئەم کارە راستەوخۆ بە زاهر ئەنجام بدەن، بۆ ئەمەش زاهری کوڕی سلاحەدین لە باوکی باشتر ئەبێت سەبارەت بە سهروردی چونکە کاتێك هەموو فوقەهاکان لەبەر چاوی زاهر کە کوتوونەتە گفتوگۆ لەگەڵ سهروردی نەیانتونی بۆ زاهر بسەلمێنن کە ئەوەی سهروردی ئەیلێیت کوفرە، ئەوەش بۆ زیرەکی و تێگەیشتنە بەرفرەوانەکەی سهروردی ئەگەڕێتەوە، بۆیە فوقەهایەکان پەنا ئەبەنە بەر سلاحەدین.
سلاحەدینی ئەیوبی کە ناسراو بوو بە دژایەتیکردنی زانا و فەیلەسوفان بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە دادگایەك بۆ سهروردی دابمەزرێنێت راستەوخۆ فەرمان بە زاهری کوڕی ئەدات و پێی ئەڵێت ئەبێت ئەم گەنجەی کە ناوی سهروردیە بەبێ یەك و دوو بە زوترین کات بکوژرێت چونکە ئەوە گەورەترین ترسناکی هەیە، مانەوەی لە ژیان بە هەر جۆرێك لە دژی بەرژەوەندی موسلمانانە ( ئەو کاتە هەموو قسەیەکی سلاحەدین و نمونەکانی بە ناوی بەرژەوەندی موسلمانان بووە)، بەڵام ئەوەی کە جێگای سەرنج و باسە ئەوەیە بەردەوام باس لە رەحم و سۆزی سلاحەدین ئەکرێت، بەو ئاستەی کە لەگەڵ



دوژمنەکانی کە خاچ پەرستان بوون ئەم سۆز و رەحمەی بووە، ئەمەش باسێکیترە کە ئەکرێت لە دەرفەتێکیتردا بە درێژتر باسی لێوە بکەین، بەڵام با لێرە بپرسین ئاخۆ روحم و سۆزی سلاحەدین بۆ سهروردی بۆ بەقەد ئەوە نەجولا کە تەنها بەدوایدا بنێرێت و راستەوخۆ گوێبیستی قسە و تێگەیێتنەکانی بێت، سەرەڕای ئەمەش کاتێك زاهر فەرمانەکەی باوکی راستەوخۆ جێبەجێ ناکات جارێکیتر سلاحەدین کوڕەکەی بەم شێوەیە ئاگادار ئەکاتەوە کە بەجێنەهێنانی ئەم فەرمانەی ئەبێتە هۆی لە دەستدانی حاکمیەتی حەلەب، واتە سلاحەدین راستەوخۆ زاهری کوڕی ئەخاتە نێوان دوو ئختیار حاکمیەتی حەلەب یان کوشتنی سهروردی، بۆ ئەمەش زاهیر سهروردی ئەکات بەقوربانی دەسەڵاتەکەی و فەرمانی کوشتنەکەی جێبەجێ ئەکات، ئەوە جگە لە دژایەتی سلاحەدین بۆ زانا و فەیلەسوف و شاعرەکان هیچیتر ناگەینێت.

چونکە جگە لە کوشتنی سهروردی کە لەکەیەکە تا هەتایە لە نێوچەوانی سلاحەدین نابێتەوە، ئەوا کوشتنی عمارەی یەمەنی  کە یەکێك بووە لە شاعرە هەرە بەناوبانگەکانی سەردەمی خۆی لەکەیەکیترە بە نێوچەوانی سلاحەدین.

سێدارەکردنی ئەم شاعیرە بە بیانوی ئەوەی کە هەڵگری( مەزهەبی فاطمی ) بووە و پیلانی لە دژی دەسەڵاتی سلاحەدین لەگەڵ پەیرەوانی مەزهەبی فاتیمی کێشاوە، ئەوەش باسی زۆری دەوێت کە بمانەوێت درێژەی پێبەین ئەتوانین لە نووسین و باسیتردا رۆشنایی بخەینە سەر لایەنە جیاوازەکانی ئەم کێشەیەی کە بەردەوام لە نێوان ئیسلامەکاندا هەبووە بە هۆی تەفسیر و بۆچوونی جیاوازیان سەبارەت بە دەسەڵات و خۆسەپاندن.

بەڵام پرسیاری گرینگ ئەوەیە کە هەر شتێك بووبێت ئەم شاعرە بۆ ئەبێت سزاکەی هەر کوشتن بێت، لە کاتێك ئەڵێن سلاحەدین لە دوژمنە خاچپەرستەکانی خۆشبووە، سەرەڕای لەسێدارەدانی تەرمەکەشی سێ رۆژ بە هەڵواسراوی بەبەرچاوی خەلك ماوەتەوە، ئەمە بۆ ؟

وەك ووتم من نامەوێت لەم نووسینە بێمە سەر هەموو ووردەکاریەکانی ژیانی سلاحەدینی ئەیوبی، ئەمەوێت لێرە رۆشنایی بخەمە سەر تاوانی کوشتنی زانایان و فەیلەسوف و شاعران و سوتاندنی کتێب.

هەموو مێژوونووسان کۆکن لەسەر ئەوەی کە لەسەردەمی دەسەڵاتی فاتمیەکان گەورەترین کتێبخانە لە مصر هەبووە، جگە لەوەی کە ژمارەی کتێبەکانی لەبننەهاتوو بووە بە سەدان نووسەر و وەرگێڕ کاری تیا کردووە و بەردەوام لە بەرهەم هێناندابووە، بەداخەوە لەسەردەمی دەسەڵاتی سلاحەدین ئەم کتێبخانە گەورەیە ئەسوتێندرێت و ئەوەش ئەبێت بە دەرسێك و هۆلاکۆ سوودی لێوە ئەبینێت و ئەویش کتێبخانەکانی بەغداد ئەسووتێنێت و دوایش هیتلر و نازیەکان ، دیارە ئەم کارەی سووتاندنی کتێب و دژایەتی کردنی زانا و شاعران لە مێژووی ئیسلام چەندەها جار روویداوە، بۆ ئەمەش باس و لێکۆڵینەوەی تایبەتمان ئەوێت کە ئەرکی مێژوویی رۆشەنبیرانی کوردە بۆ ئەوەی چیتر خەلك بەم جۆرە قسانەی ئیسلامیەکان چەواشە نەکرێن.

هیوادارم بتوانم لەباسێکیتردا باسی ئەو کوشتوبڕە بە کۆمەڵانەی سلاحەدین بکەین بەتایبەت ئەوەی

دژ به قوبطیەکانی کرد، وە بتواندرێت پەردە لەسەر ئەو لایەنە داپۆشراوانەی سلاحەدین لابدرێت.

سەچاوەکان:

http://www.14masom.com/hkaek-mn-tareek/11.htm
http://www.14masom.com/hkaek-mn-tareek/15.htm
http://www.as7apcool.com/vb/showthread.php?t=58093
http://www.coptichistory.org/new_page_115.htm
http://www.coptichistory.org/new_page_1149.htm

ئەمانە و گەلێك سەرچاوەیتر ئەتوانیت لە ناو ئەم لینکانەدا سوودی لێوەببێندرێت، وە گەڕانت لە گووگلە بە زۆر سەرچاوەیترت ئەگەینێت.

٢ی ١٢ی ٢٠٠٧